كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
12-10-2007 1:30بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## گەنجان و ئینتیمای نیشتمانیی ... ستیڤان شەمزینانی

Shamzini79@hotmail. com

تاوانباركردنی نەوەی نوێ بەدیاریكراوی ئەو نەسلەی لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) ە وە پەروەردە بووە، لەئەدەبیاتی سیاسی و گوتاری میدیایی دووپارتە سەرەكییەكەی كوردستاندا شتێكی تازە نییەو ماوەی پانزە ساڵ پترە ئەوە دەوترێتەوە: نەوەی نوێ لەقۆناغی ئازادییەكان و لەسەردەمێكدا سەربازیی ناكات و سەربەستە لەمامەڵەكانیدا ئینتیمای بۆ نەتەوەكەی نییەو وەك شاعیری عەرەب (محەمەد ماغوت) دەڵێت (ئەوەی دەمبەستێتەوە بەنیشتمانەكەمەوە تەنێ پێڵاوەكانی پێمە) .



ئەم باڵۆرەیە هەرڕۆژەی لە كەناڵێكی سەر بە پارتەكانی كوردستانەوە دەوترێتەوەو دەهۆڵی بۆ دەكوترێت و گەنجانی ئەمڕۆمانی پێ تاوانبار دەكەن، بەبێ ئەوەی ئەم ڕاگەیاندنەو ئەو عەقڵە سیاسییەی لەپشتییەوەیەتی بۆ تەنێ جارێكیش لەخۆی پرسیبێت، داخۆ هۆكارەكانی لاوازیی هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی لای گەنجان چین؟ یان سەرنجی ئەوەیدابێت ئەوە تەنێ گەنجان نین ئینتیمایان بۆ وڵاتەكەیان نەماوە، بەڵكو سەرجەمی مرۆڤی كوردستانی خاڵی بوونەتەوە لەهەستەكانی (نیشتمانپەروەریی) و نەتەوایەتی، ئەم دەسەڵاتە بێ سەوادە ڕۆژێك لەڕۆژان لەو فاكتۆرانەی نەكۆڵێتەوە كە بوونەتە هۆی ئەم بێ دەربەستییەی مرۆڤی كوردو ئاوەزی بەوە نەشكاوە خۆی سەرچاوەی كێشەكەیە و بەناڕەوا نەوەی نوێی تۆمەتبار كردووە!.

نووسەری بەتوانا (مەریوان وریا قانیع) دەنووسێت (تۆمەتباركردنی نەوەی نوێ بەلاوازیی هەستی نەتەوەیی و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەمەسەلە نەتەوەییە گەورەكان تۆمەتباركردنێكی ساختەیەو باز بەسەر سەرجەمی ئەو هۆكارانەدا دەدات كە وشیاریی و ویژدان و خەیاڵی نەتەوەیی لەكوردستاندا لاواز كردووە و لاواز دەكات) .

ئەوە نەوەی نوێ نییە لەخۆڕاو بێ هیچ كاریگەرییەكی مەعنەویی دەرك و ئینتیمای نەتەوەیی لاواز بووەو چۆتە ژێر خاڵی سفرەوە، ئەوە كارو كردەوەی چەند ساڵی حكومداریی كورد بووە كە وایكردووە لەتاكەكانی كۆمەڵ نەك هەر هیچ پەیوەندییەكی ڕۆحی و مەعنەوییان بەوڵاتەكەیانەوە نەمێنێ، بەڵكو وڵاتەكەیان لێبێتە تەوق و چووبێتە گەردنیانەوە!.

كاتێك حیزبەكانی كوردستان بە جەدۆلێكی بەرنامەڕێژ كراو و وەك یاری تۆپی پێی نێوان یانەكان پێكدا هەڵدەپڕژێن و كۆمەڵگە دەئاڵێننە شەڕێكی خوێناوییەوە، مرۆڤی كورد چیتری بۆ نامێنێتەوە جگە لەورە بەردان و بێ باوەڕییەكی ترسناك لەبەرامبەر هەموو شتەكان لەنێویشیاندا نەتەوەو وڵات.

كاتێك بەرپرسەكانی كورد هەر ڕۆژەی لەمەزادخانەیەكی هەرێمییدا دۆزی كورد هەراج دەكەن و دەیفرۆشن و دەبنە بازرگانی خوێنی هاووڵاتیانی كورد، گەنج چی دەسەڵاتە جگە لەوەی هەمووشتێكی لەبەرچاو بكەوێت لەنێویشیاندا نەتەوایەتی و (نیشتمانپەروەریی) !.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کاتێك لەشکرێك لەوەزیرو کاربەدەستانی حکومەتی کوردستان فایلە ڕەشەکانیان ئاشکرا دەبێت و دەردەکەوێت زۆربەیان لەژێرەوەرا دەستیان تێکەڵاو کردبوو لەگەڵ ڕژێمی ئەنفال و گۆڕی بەکۆمەڵ و گاز باران و گوێ و گون بڕین، ئیدی گەنجی کورد چۆن کوردایەتی و ئەو دروشمە زلانەی وەك نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەریی لەبەرچاو ناکەوێت؟

بەکام ئومێد و شۆڕو شەوقەوە و لەکام قوتابخانەدا فێری وانەکانی نەتەوایەتی و کوردایەتی بن؟ لەقوتابخانەی سەرکردە دەرەبەگەکان کەوەك میرو پاشای ناو ئەفسانەکان دەژین؟ یان لەقوتابخانەی ئەو بەناو تەکنۆکراتانەی بەناوی خزمەتکردنی بێوچانی (گەلەکەمانەوە) گسکیان لەداروبەری وڵاتەکەمان داوەو؟ پێی بوونەتە خاوەنی ئاپارتمانی بەژن بەرز و هۆتێلی پێنج ئەستێرەیی لەپایتەختی وڵاتانی ڕۆژئاوا.

یان لەقوتابخانەی حیزبە قۆڕو سەقەتەکانمان؟ یان لەو پەیمانگای کادێرانەی بووەتە ئەکادیمیای گەندەڵی و خوێندرەکانی دکتۆرا لەڕەخساندنی فەزای گەندەڵیدا وەردەگرن؟

پارتی کوردیی و ئەو حکومەتەی ئەمڕۆ لەکوردستاندا هەیە تاوانباری یەکەمە چونکە ئەوە خۆیەتی کە سەرچاوەی وشککردنی هەستەکانی خەڵکی کوردە لەبەرامبەر نەتەوە، ئەوە حکومەتی کوردە وەهای لەوگەنجانە کردووە کە ئامادە بوون بەگژ هەورەتریشقەو ئاسمان و ڕەهێڵەدا بچنەوە ببنە کۆیلەیەك و سەری ڕەزامەندیی بۆ هەموو نا هەقییەك کە چ بکەن.

تاوانباری سەرەکی و ڕاستەقینە ئەو دەسەڵاتەیە کە دەهۆڵ بۆ ئەوە دەکوتێت گەنجی ئێستا قەدری ئەم ئازادییە ناگرێت و گەنجێکە پابەندی هیچ نییەو بچووکترین ئینتیمای بۆ نەتەوەکەی نییە، لەکۆتایشدا دەمەوێت بڵێم، ئەی دەستەڵاتە قسە زل و بێ سەرەو بەرەکەی کوردستان کەمێك وریابەو واز لەو قەوانە سواوە بێنە، بەتەما نەبیت عەیبی کەس هەڵبدەیتەوە ئەگەرنا پارچە قوماشەکەی سەر عەورەتت دەکەوێتە خوارەوە عەیبت دەردەکەوێت و شەرمندە دەبیت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.